

# بباره تا من و شەوانی دووری کائینات...

[ بباره ئەی زەوی... بباره تا گۆناهی ئاسمان و خۆر بێتە یەک...
کە دوو هەتا هەزارویەک ژمارەکانی ئاشقن،
بباره تا سروود... تا هەنسکی شاعیرانی بێبەهار و بێ شێعر]

ئێمە ئێستا لە وەرزی باراندا دەپشکوێین.
نزا لە گەڵ چەتر و شەقام و باخ دەکەین...
گومانی خۆمان سەر دەبڕین
هەرا دەکەین...
جەستەمان دەبێتە ئیبراهیم،
وەک فانووسە کوێرەکانی شەوانی کوفر و گوناه خامۆش دەبین.
ئەرێ شاعیر...



بڕینی کۆڵەواری هاجەر بە نووسینی ئەم شێعرانە
دوایی نایە...
[ ببارە ئەی زەوی...
ببارە تا قیامەتی کچانی شار، ببێتە
سێحری ساحیرێك
ببارە تاکو هێڵی ئەم دروشمە سوورە
بێتە شەڕ...
وە لەش هەناری پێوەیە]
لە چی ئەپرسی / ئەمە تاقەتی بارانە...
کە هەورەکان شۆڕ دەبنەوە بە سەر ڕووباری ئاگر و
بڵێسەکانی ئاو و با...
ئەمە شووشەی شێعرەکانی ناو زەریا بوون...
کە دێوەکان دەڕشانەوەو
جەستەی شاعیر دەبوو بە ماچ...
تا چاو بڕ دەکا، هەر ئاشقە، ئاشق ئەلێسێتەوە و
هەر کوفر، گوناهمان ئەشواتەوە...
چ بیرێکی قووڵە دەریا...
[ ببارە ئەی زەوی،
ببارە تاکوو زیکری زاکیران و
بونی خۆشی ئەم ژنانە بێتە یەك



کە دوو هەتا هەزارویەك... من و
هەموو کچانی شار
سەما بکەین/ بە چاوی تاڵ و لێوی پڕ
لە ئەشکی سوێر]
دوور دەبێتەوە تا جەهەننەم
تا گوڵەئاورێك دەبێتە کراسەکەت
سەرێك ئەکێشی بە ناو سەماندا و
هەموومان دەزانین کە تۆ کۆنە ئاشقەکەی گەڕەکی
ئاسمان بووی...
ئەمە زاتی تۆیە، ئا بەم چەشنە تێپەڕ بی و بە
شەقاری برینەکانی هاجەر و پێی بڵێی:
ئەرێ خانم... تۆزێ بە زەمزەمی ئەم نیگایەت تێر
ئاومان کە
تۆزقاڵێك لە ئەشکی خۆت قەرز دە پێمان...
بفەرموو بە لەشت:
ئەمە دەروازەی بەهەشتە
تا دووبارە بینایی فانووسەکان دائەگیرسێ و...
بناغەی شێعری شاعیرێك لە بەرد دائەندرێ...
[ ببارە ئەی زەوی...
ببارە تا دەماری ئەم دەروونە چاببێتەوە،
بە کردەوەی بەهار و شێعر

هەتا هەنسکی شاعیرێ ئەبێتە پیت...
هەتا حیکایەتی سەماکەرانی شار
ئەگاتە گوێی زەمان و ڕەنگی زەردی خۆر ئەدەن لە
بەژنی بەرزی ئاسمان...
چ ئاشقانە نم نمەی بەهارە دێتە گوێم،
چ ئاشقانە سەیری ڕوومەتی هەنار ئەکەم]
ئێمە لەسەیری سەربڕینی ئیسماعیل دەگەڕێتەوە
لاتان...
شانۆ هەموو خوێن و چەقۆ بوو...
ڕەنگەکان خوێن و چەقۆ بوون...
کراسەکان خوێن و چەقۆ بوون...
جەستەی بینەرانیش کۆڵەوار و
لە ناویاندا تەنیا هاجەر نەدەگریا...
وەی لەێلێ... وەی لێ لێ... وەی لێ لێ...
پەشیمان بووین لە باران و
لە خۆمان و لەو شاعیرانەی بڕیاریان دابوو
مێژوو بگۆڕین...
چ بێ ڕەحمانە سەیری شانۆمان کرد...
چ بێ ڕەحمانە چووینە سەر شانۆ و



چ بێ ڕەحمانە جەستەی ئیسماعیلمان هاویشتە ناو
بینەران
شووشەی ئیسماعیل درزی تێکەوت و
لە هەزاران لاوە پڕ بوو لە باران...
باران هەر خوێنی ئەشتەوە...
هیچ کۆترێك توانای هەڵفڕینی نەبوو
هەر بە زیندوویی باڵەکانیان دائەوەری
هیچ کەس نەبوو... باڵیان بهۆنێتەوە دووبارە
هەر شاعیر بوو خۆڵی ئەکرد بە سەر خۆی و
شێعرەکانیا و
خەونووچکە ئەیبردەوە تا درەنگان...
خەڵك بێزار بوون هەڵیئەستێنن،
ڕەنگی ئاسمانیان گۆڕی و کەس نەیزانی...
تیشکی خۆریان دابەش دەکرد، کەس نەیزانی...
ئەمانە بەشێك بوون لە تراژێدیای شانۆ و
شاعیر،
هەر خەونووچکە ئەیبردەوە تا درەنگان...
گوزەرمان کرد بە سەر پیت بەپیتی دروشمە
سوورەکانی سەر دیوار...
لە ساباتی سترانی قەقنەسێکدا ئازادیمان مانا
دەکرد...
کەس نەیزانی...
جار جارە دایکم دەبوو بە هاجەر و



لەبن سێبەری شێعرێکدا دائەنیشت،
ئەپاڕاوە خوا کوڕێکی تری پێ عەتا کا...
ساڵەهایە باوکم...
بیر لە تەفسیری خەونەکانی ئەکاتەوە...
کەس نازانێ چەندە ئەژی.
ناوی گوڵەکانیان پەڕپەڕ کرد و...
کەس نەیزانی...

**[ ببارە ئەی زەوی**
**ببارە تا هیلاکی ئەم فڕینەمان لە بیر**
**دەچێتەوە**
**ببارە تا من و شەوانی دووری کائینات...**
**ببارە تاکوو ڕەش دەبێ بەهاری دەفتەرم...**
**ببارە ئەی زەوی**
**ببارە ئەی زەوی ]**



**جەماڵ نەجاڕی**
**٨٢/١٢/٦ (بۆکان)**